# بۆچی دکتۆر نامۆ دکتۆر به رهه م ناناسێت...؟

ترسی کورد له مام جه لال یان دووباره بوونه وه ی سه لاحه دین, بابه تێکی به ڕێز دکتۆر نامۆ عه زیزه ، که له سایته کوردی یه کاندا بڵاو کراوه ته وه...
له بابه ته که دا کۆمه ڵێك ئه رك دیاریکراوه بۆ ( مام جه لال) که به بڕوای دکتۆر پێویسته بکرێت، له هه مان کاتیشدا ڕه خنه و گله یی ئه وه له ( یه کێتی یه کان) گیراوه به وه ی زۆر به شان و باڵی (مام جه لال ) هه ڵده ده ن.
سه ره تا دکتۆر ده نووسێت( دیاریکردنی کوردێك بۆ سه ره کیترین پۆستی سیاسی له عێراقدا، به وه چه رخانێکی مێژوویی بۆ گه لی کورد ئه ژمێردرێت. له هه مان کاتیشدا به نشوستیه کی نائاسایی بۆ دوژمنان و ناحه زانی کورد دائه نرێت).
جا ئه مه سه رکه وتنێکی گه وره یه و ( ڕه وا نیه..؟) هه موو کوردێك له نشوستی نائاسایی دوژمنانی کورد( نه یکاته شایی و لۆغانێك) ئه وسه ری دیار نه بێت...
هه ڵبه ت دکتۆر باشی دیاری کردووه که ( مام جه لال) پێویستی به کۆمه ڵێك یاساناس وڕامیار و ڕاوێژکار و دیپلۆماتی ئه ورویی هه یه .
چونکه ڕاستی یه ك هه یه سه ر که وتنی ( مام جه لال) له پۆستی سه رۆکایه تی دا سه رکه وتنی (هه موو کورده) و پێچه وانه که شی (هه ر ڕاسته).
له مه سه له ی سوێندخواردنی ( کابینه ی جه عفه ری) دا، هه ڵوێستی ( مام جه لال) لای زۆر که س ( ناڕامیاریانه) خوێندراوه ته وه ، که دکتۆریش له بابه ته که یدا دووباره ی کردۆته وه ، چونکه ( مام جه لال) سه رۆکی هه موو عێراقه. عێراقیش واته ( عه ره ب، کورد، تورکمان،کلدۆ ئاشووری....). ، بۆ ئه وه ی هه موو نه ته وه کانی عێراق (مام جه لال)، به سه رۆکی خۆیان بزانن ده بێت له کێشه کاندا بێ لایه ن ده رکه وێت، و یه که م سه رۆکی کوردی لاسایی ( هه موو سه رۆکه کانی) پێشتر نه کاته وه ( که ته نها سونه به سه رۆکی خۆیانی ) زانیوه. به لأم دیاره کوردیش چاوه ڕوانی ئه وه له تاڵه بانی ده کات له ئاستی کوردستان( که دکتۆر) یش ئاماژه ی پێداوه.
به لأم گه ر ئاماژه به ( سه لاحه دینی ئه یووبی) ، لای دکتۆر بکاته ئه وه ی که تاڵه بانیش ده وڵه تێکی ئیسلامی درووست ده کات ، له بری ده وڵه تێکی کوردی ئه مه هه ڵوێسته ی پتری ده وێت. به وه ی ( تاڵه بانی) له هه موو ژیانی ڕامیاریدا که سێکی ( نه ك ئایینی ) نه بووه ، به ڵکو له به ره ی چه پی کوردستانیدا بووه و ئێستاش له گه ڵ ئه وه ی سه رۆکی عێراقه، سکرتێری پارتێکی (سۆسیال دیموکراته).
ڕاستیه ك هه یه چه ندیش تاڵ بێت ده بێت بیسه لمێنین، ئیمڕۆ کورد به شداری بنیاتنانه وه ی ( ده وڵه تی عێراقه). له کوردستانیش دوو پارتی گه وره هه یه ( پارتی و یه کێتی) ،که هه ردووکیان وه ك یه ك به شدارن تیایدا....
ئه وه ی ئیمڕۆ ده توانێت ( ده وڵه تی کوردی ) چێ بکات له پراکتیکدا ، به داخه وه کورد نی یه .

كاك مه سعوود له ديدارى كه نالّى ( ئه لعه ره بيه) دا ده لّيّت: من له كوردستانه وه ده توانم زياتر خزمه تى عيّراق بكه م..

جا تالّه بانى له كاتى سويّند خواردندا(حكومه تى جه عفه رى) ده بيّت وه ك سه رۆكى ( هه موو عيّراق) هه لّويّست وه ربگريّت ، وه ك واشى كرد. ئه وه ى ده بوا وه ك كورد ره فتار بكات ، وه زيره كانن كه له رِيّى ( يه كيّتى و پارتى) يه وه ، نويّنه رايه تى كورد ده كه ن. ئه وه ى هه لّويّستى ئازايه تى و كوردانه ى وه رگرت ( له سه نگه رى رِووبه رِووبوونه وه ) ، به رِيّز دكتۆر به رهه م بوو ، كه سويّنده كه ى خوارد، ، هه لّويّستيّكى ( تۆماركراوى) وه رگرت، كه له برى ئه وه ى ( دكتۆر نامۆ) هه لّويّسته كه ى به رز نرخاندايه و رِوون و رِه وان ناوى بهيّنايه، ( له بيرى چووه ..؟) فه رامۆشى كردووه، له كاتيّكدا كاك فازيل ميرانى له ديدارى له مه رِ ئه و كيّشه يه ووتى ( سوپاسى كاك به رهه م) ده كه م.

هه لّبه ت رِۆلّى كاك مه سعوديش ديار و ئاشكرايه كه دكتۆر و ماس ميّدياى پارتى ديموكراتى كوردستان ته واو باسى كردووه ، كه دووباره كردنه وه هه لّناگريّت.

دووباره سويّند خواردنه وه ى ( جه عفه رى و وه زيره كانى) سه ركه وتن بوو بۆ گه لى كوردستان و وه ك هه موو سه ركه وتنه كانى تريش به رى يه كيّتى مالّى كورده .

با كويّرانه ش ( هيچ) سه ركرده يه ك پيرۆز نه كه ين و له رِۆژگاريّكدا ( كه سات و كاتى ديموكراتى و ژيانى په رله مانى يه) نه ( تالّه بانى نه بارزانى ) نه كه ينه ديكتاتۆر و سۆپه ر سه ركرده يه ك ، له كاتيّكدا كه م نه ته وه هه بووه وه ك كورد قوربانى ده ستى ديكتاتۆريه ت بووه. ئه وه ى برِيار ده دات كام سه ركرده و كام پارتى كوردستانى ده توانن له ئيّستادا خزمه تى پترى دۆزى كوردايه تى بكه ن ( بۆكسه كانى ده نگدانه) نه ك ماس ميّدياى پارته كان. له گه لّ ئه وه ى هه مووشمان سه ركرده يه كمان له وى تر خۆشتر ده ويّت، تا لّه بانى و و بارزانى يان پارتى و يه كيّتى ئه وه نده ى به يه كه وه ده توانن كار بۆ كه ركوك و ناوچه دابرِاوه كانى كوردستان بكه ن ، هه رگيز به جيا نه ك ناتوانن ، به لّكو درزه كانى نيّوانيان هه ميشه دوژمنه كانمان پرِيان كردۆته وه.

ئه وه ى سه لميّنراو و تاقيشكراوه ته وه ، هيّز و قورسايى كورد له هه ر كيّشه و ململانىّ يه كدا يه كيّتى كورد خۆيه تى ، بۆيه پيّشينانمان فه رمويانه:
هيّز له يه كيّتى دايه.
شيّرزاد خه راجيانى